سەید حەکیم داوای جێبەجێکردنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و زیادکردنی هەلی گەشەپێدان دەکات

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز محەمەد ئیبراهیم ئەلحافز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و شاندی یاوەری کرد، سەرەتا سەماحەتی ستایشی ڕۆڵەکانی کەرکووکی کرد و داواشی کرد بە یەکەوە ژیان بۆ ئاسوودەیی بەردەوام بێت و بێ هیچ جیاوازییەك پاریزگاری لێبکرێت.

بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە کەرکوک وەك عێراقێکی بچووککراوە وایە، سەرکەوتن لەوێش بە مانای سەرکەوتن دەبێت لە سەرانسەری عێراقدا، مۆدێلێکی پێکەوەژیان دەخاتە ڕوو، هەروەها داوای بەڕێوەبردنی فرەیی لە عێراق کرد لەڕێگەی گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پردی عێراقی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و هەموو جیهان.

بەڕێز حەکیم داوای وەبەرهێنانی لەبوارەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی پارێزگاکە کرد و هەروەها داواشی کرد ڕۆڵی باشتریان لە کەرتی وزەدا هەبێت و جەختی لەسەر پێویستی دەرکردنی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کردەوە، کە دەرفەت و داهاتی بەرچاو بۆ پارێزگاکان دەڕەخسێنێت، ئەمەش وایان لێدەکات بتوانن پڕۆژەکانیان بەپێی ئەولەویەتەکان بەڕێوە ببەن.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم ئاماژەی بەو ڕکابەرییانە کرد کە عێراق بەخۆیەوە بینیوە و ڕوونیکردەوە کە ڕکابەری دارایی و ئابووری دیارترینن، دووپاتیشی کردەوە کە گەشبینە بەوەی عێراق ئەم قەیرانە تێپەڕ بکات، هەر وەك چۆن پێشتر قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێپەڕ کرد.